سەرۆك وەزیران پێشوازی لە نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەکات

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی کرد لە موئەیەد لامی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و سەرۆکی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانەی دیدارێکدا،سودانی جەختی لە پێزانینی حکومەت بە هەوڵەکانی ڕۆژنامەنووسان کردەوە، لەگەڵ دابینکردنی هەموو چاودێری و گرنگیدانێک بەیان و پاراستنی مافەکانیان لە گەیشتن بە زانیاری کە نوێنەرایەتی گرنگترین مافەکانی ڕۆژنامەوانی دەکات، جەختیشی کردەوە لە گرنگیدان بە خێزان و کەس و کاری شەهیدانی ڕۆژنامەگەری.

هەروەها سەرۆک وەزیران ئەو هەوڵانەی ڕۆژنامەنووسانی بەرز نرخاند کە لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا داویانە، چونکە ڕووماڵکردنیان و یاوەریکردنی پڕۆسەی هەڵبژاردن یەکێک بوو لە هەکارە هەرە دیارەکانی سەرکەوتنی.

هەر لە دیدارەکەدا باس لە ڕووداوەکانی غەزە کرا لەگەڵ بەئامانجکردنی ڕاستەوخۆی کارمەندانی

□□ژنامەوانی لەلایەن سەربازەکانی ئەو قەوارە قەرخکارەوە، کە بووە هۆی شەهیدبوون و بریندار بوونی دەیان □□ژنامەنووس.